# یەکەی چاودێری ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

یەکەی چاودێریی

**را پۆرتی مانگانە**

**ڕاپۆرتی یەکەم**

تشرینی یەکەمی 2016

1/11/2016

# پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | چالاکیەکانی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەمانگی تشرینی یەکەمی 2016 |
| بەشی سێیەم | راپرسی |



## بەشی یەکەم: ناساندن

1. ناساندنی پرۆژە
2. ناساندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
3. ناساندنی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان
5. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەی چاودێریی

## 1. ناساندنی پرۆژە

یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، یەکەیەکی تایبەتە بە چاودێریی و بەدواداچوون کردن بۆ کار و چالاکییەکانی نوێنەرانی ناوچەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەڕێگەی بەدواداچوونکردن بۆ ئیشوکارەکانیان و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی مانگانە لەوبارەوە. یەکەکە پرۆژەیەکی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی دیموکراسی ئەمریکی "NED".

ئامانجەکانی ئەم یەکەیە، بریتییە لە:

1. دەرخستنی قەبارەی چالاکی و نوێنەرایەتیکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ هاوڵاتیانی ناوچەکە.

2. دروستکردنی ڕایەڵەیەکی پەیوەندی دوولایەنە لەنێوان ئەو نوێنەرانەو هاوڵاتیان، بە ئامانجی برەودانی زیاتر بە کاری نوێنەرایەتیکردن و هەروەها چاودێری بوون بەسەر نوێنەرەکانەوە.

3. پیشاندانی ئەو ڕا و سەرنج و تێبینیانەی کەلەلایەن هاوڵاتیانەوە لەسەر نوێنەرەکان دەخرێتە ئاراوە، گەیاندنی دەنگی هەردولا بەیەکتری.

چالاکییەکانی ئەم یەکەیە بریتیی دەبێت لە:

1. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و کاری نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

2. ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ زانینی ڕای چین و توێژە جیاوازەکان لەسەر کار و چالاکی نوێنەرە گەرمیانییەکان.

3. ئەنجامدانی بەرنامەیەکی ڕادیۆی مانگانە، بۆ پتەوکردنی زیاتری ڕۆڵی نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیان لە ئەنجومەن و دەزگا تەشریعییەکان.

4. ئەنجامدانی: کۆڕ، سیمینار، دیبەیت و کۆبونەوەی کراوە، لەبارەی گرنگیدانی زیاتر بە پرسی نوێنەرایەتیکردن و هەروەها چاودێریکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو.

## 2. ناساندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن خەڵکی پارێزگای سلێمانییەوە، لەڕووی کارگێڕی و دارایی و یاساییەوە بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لەڕووی چاودێرییەوە دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستانەوە.

دەسەڵاتی ئەنجومەن چاودێریکردنە لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکەداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەسنوری پارێزگاکەدا دەربچوێنێ تا بتوانرێت سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات، بەجۆرێکی وا کە ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا.

خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەپێی یاسای ژمارە (71)ی 6-4-2004ی پۆل بریمەر لە 31-1-2005دا هەڵبژێردراو لە (41) ئەندام پێکهاتبوو، ئەم خولە کە خولی دووەمی ئەنجومەنە، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009 یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان- عێراقدا، لە 30-4-2014 دا هەڵبژێردراوەو لە (32) ئەندام پێکدێت، خولی دووەم بەپێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە 24-6-2014دا کرد.

ئەنجومەن پێکدێت لە (7) فراکسیۆن، کە بریتین لە: (بزوتنەوەی گۆڕان 12 ئەندام، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان 11 ئەندام، خزمەت (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) 4 ئەندام، پارتی دیموکراتی کوردستان 3 ئەندام، ڕافیدەین 1 ئەندام، هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان 1 ئەندام).

## 3. ناساندنی ئەندامە گەرمیانییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

لەئێستادا (2) لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە گەرمیانین تائێستاش بەشێکە لەو پارێزگایە، خەڵکی ناوچەی گەرمیانن و بەنوێنەرانی گەرمیان لەو ئەنجومەنە هەژمار دەکرێن، ئەوانیش:

1. غالب محەمەد عەلی.

2. محەمەد عەبدولوەهاب.

هاوکات بڕیارە لەپاش هەڵبژاردنی هەڤاڵ ئەبوبەکر بە پارێزگاری سلێمانی، لەجێگەی ناوبراو (کەریم عەلی کەریم) ببێتە ئەندامی ئەنجومەن، کە ئەویش گەرمیانییەو دانیشتوی ناحەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلارە، بەڵام تائێستا بەهۆی کێشەی یاسایی و تەواونەبونی مامەڵەکانی دەستبەکاربونی (هەڤاڵ ئەبوبەکر) وەك پارێزگار، (کەریم عەلی) سوێندی یاسایی بۆ بون بە ئەندامی ئەنجومەن نەخواردوە.

## (CV) دو ئەندامە گەرمیانیەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

(1)
ناوی چواری: غالب محەمەد عەلی شکور
فراکسیۆن: گۆڕان
شوێن و ساڵی لەدایکبون: کەلار 1982
شوێنی نیشتەجێبونی ئێستا: کەلار
بڕوانامەو ساڵی دەرچون: خوێندکاری دکتۆرا لە شیکاری نەوت
باری خێزانی: سەڵت
کاری پێشتر: مامۆستای زانکۆ
ئەو زمانانەی دەیزانێت: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی
ئیمەیڵ: ghalib8299@gmail.com
فەیسبوك: ghalib M.ali
ژمارە تەلەفۆن: 07702122501
کاری ناو ئەنجومەن: سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی وزەو بازرگانی و سامانە سروشتیەکان
چالاکی رێکخراوەیی: ئەندام لەچەند ریچکخراوێکی ژینگەیی و تەندروستی

(2)

ناوی چواری: محەمەد عەبدولوەهاب عومەر رەزا
فراکسیۆن: گۆڕان
نازناو: حەمەی شێخ
شوێن و ساڵی لەدایکبون: کەلار 1983
شوێنی نیشتەجێبونی ئێستا: کەلار – فەرمانبەران
بڕوانامەو ساڵی دەرچون: دبلۆم 2006–2007

**باری خێزانی: خێزاندار**

**کاری پێشتر: مامۆستا**

**فەیسبوك:** Hamay shex

**ژمارە تەلەفۆن:** 07701581753 – 07701955029

**ئەو زمانانەی دەیزانێت: کوردی عەرەبی، کەمێك فارسی**

**کاری ناو ئەنجومەن: ئەندامی چوار لیژنە**

**چالاکی رێکخراوەیی: بەشداری زۆربەی چالاکیە مەدەنیەکانی شارەکەی کردوە**

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

**گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.**

**ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)**

**لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك لە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحیەکانی قەزای خانەقین) دەگوێزرێتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.**

**بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان لە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لە پێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگای پێبەخشراوە و سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.**

**ئەم ئیدارەیە، ئەگەرچی لە روی کارگێڕییەوە تارادەیەکی زۆر سەربەخۆیەو دەسەڵاتی پارێزگای هەیە، بەڵام لەروی فەرمیەوە، هەتا ئێستا بەشێکە لە پارێزگای سلێمانی، هەربۆیە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشداریی دەکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و نوێنەریان لەو ئەنجومەنە دیاریی دەکەن.**

## 5. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەی چاودێریی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

### 1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی سەربەخۆیە لە گەرمیان.
لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بە پەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (حەمزە محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بە هاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجی سەرەکی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەڕێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بەنوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لە ئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، رۆشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤایەتییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکی فرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا .

**(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.**

**بەشی دووەم :**

## چالاکیەکانی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئە نجومەنی پارێزگای سلێمانی لەمانگی تشرینی یەکەمی 2016

1- غالب محەمەد عەلی

2- محەمەد عەبدولوەهاب عومەر

دو ئەندامە گەرمیانیەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەماوەی مانگی تشرینی یەکەمی 2016 دا، تێکڕا لەمیانەی ئەرك و کارەکانیان دا، (39) چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، کە دابەش بون بەسەر ئەم بەشانەدا:

1. سەردان و بەدواداچون (25).
2. بەشداریی (4).
3. ئاراستەکردنی نوسراو (10).

1- غالب محەمەد عەلی

لەماوەی مانگی تشرینی یەکەمی 2016 دا، غالب محەمەد عەلی ، وەکو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (17) چالاکی هەبوە، کە (9) چالاکیان سەردان و بەدواداچون بوە، (3) چالاکی بەشداریی و (5) ئاراستەکردنی نوسراو بوە.

| ز | جۆری چالاکی | مەبەستی چالاکیی | بەروار |
|---|---|---|---|
| 1 | بەشداری | بەشداریی خۆپیشاندانی مامۆستایانی سلێمانی | 2016/10/2 |
| 2 | سەردان و بەدواداچون | بەدواداچونی بۆ کواڵیتی (ئارد، برنج) لە بەشەخۆراکی مانگانەی هاوڵاتیان. | 2016/10/3 |
| 3 | سەردان و بەدواداچون | بەدواداچون بۆ بەئاگابون لە کلینیکە 24 کاتژمێرییەکانی سنوری گەرمیان لەروی نرخ و خزمەتگوزارییەوە بۆ هاوڵاتیانی سنورەکە. | 2016/10/5 |
| 4 | سەردان و | بەدواداچون بۆ کواڵێتی بەنزین و سوتەمەنی لە سنوری گەرمیان و | 2016/10/6 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | بەدواداچون | سلێمانی. | |
| 5 | سەردان و بەدواداچون | بەدواداچون بۆ ئەو ماڵانەی کە لەلافاوی ساڵی رابردو زەرەرمەندبون، کە ناتوانن خانوەکانیان چاکبکەن چونکە بێ تاپۆن. | 2016/10/9 |
| 6 | بەشداری | لەخۆپیشاندانی مامۆستایانی کەلار. | 2016/10/10 |
| 7 | نوسراو | بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەمەبەستی دروستکردنی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە داهاتی سنوری پارێزگای سلێمانی. | 2016/10/11 |
| 8 | نوسراو | ئارستەکردنی نوسراو بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەمەستی زیاتر چاودێریکردنی ئیشوکاری مۆلیدە ئەهلییەکان. | 2016/10/16 |
| 9 | سەردان و بەدواداچون | بەدواداچون بۆ وەرگرتنی پارەی ئاو لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان. | 2016/10/17 |
| 10 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی ناحیەی سەرقەڵا، بۆ زیاتر ئاگاداربون لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە سنورەکە و سودمەندبونی هاوڵاتیان. | 2016/10/19 |
| 11 | بەشداری | بەشداریکردن لەچەند کۆنفرانسێکی گەنجان لە سنوری قەزای کفری. | 2016/10/20 |
| 12 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی پردی گردەگۆزینە بەمەبەستی ئاگاداربون لەچۆنێتی بەرێوەچونی کارەکانی پرۆژەکە. | 2016/10/23 |
| 13 | نوسراو | داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی کارتی زیرەك، بۆ پێدانی نەوتی سپی کە نایاساییە. | 2016/10/24 |
| 14 | سەردان و بەدواداچون | دروستکردنی لیژنەیەك بۆ بەداواداچون لە کارتی زیرەك، هەروەها بەدواداچونی گرێبەستەکە. | 2016/10/25 |
| 15 | نوسراو | داواکردنی محاویلە و پێداویستی کارەبا لە پارێزگاری سلێمانی بۆ گەرمیان. | 2016/10/26 |
| 16 | سەردان و بەدواداچون | بەدواداچون و لێکۆڵینەوە لە کواڵێتی بەنزین کە لەرێگەی مەرزی پەروێزخان و باشماخەوە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان. | 2016/10/27 |
| 17 | نوسراو | داواکردنی نەوتی سپی لە بەرێوبەرایەتی گشتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی و پارێزگای سلێمانی بۆ دەڤەری گەرمیان. | 2016/10/30 |

**2– محەمەد عەبدولوەهاب عومەر**

**لەماوەی مانگی تشرینی یەکەمی 2016 دا، محەمەد عەبدولوەهاب، وەکو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (22) چالاکی هەبوە، کە (16) چالاکیان سەردان و بەدواداچون و (1) بەشداریی و (5) چالاکی ئاراستەکردنی نوسراو بوە.**

**لەم خشتەیەی خوارەوەدا، وردەکاریی چالاکیەکان خراونەتە رو:**

| ز | جۆری چالاکی | مەبەستی چالاکیی | بەروار |
|---|---|---|---|
| 1 | نوسراو | ئاگادارکردنەوەی ڤێتێرنەریی گەرمیان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە بۆ چاودێرییکردنی زیاتری کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر | 2016/10/3 |
| 2 | سەردان و بەدواداچون | بۆ نەخۆشخانەی هەناوی فێرکاریی سلێمانی، بۆ گوێگرتن لە داواکاری ستافی نەخۆشخانەکە و رێگەگرتن لەئەگەری داخستنی نەخۆشخانەکەوە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە | 2016/10/4 |
| 3 | نوسراو | ئاگادارکردنەوەی شارەوانی کەلار لەلایەن ئەنجومەنەوە، بۆ پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکی نێوان هەردو گەڕەکی کەلاری کۆن و کەلاری نوێ | 2016/10/5 |
| 4 | بەشداریکردن | ئامادەبون لە گردبونەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەرانی شاری کەلار | 2016/10/10 |
| 5 | سەردان و بەدواداچون | بۆ بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان بۆ ئاگاداربون لە کارەکانیان بەتایبەت کارکردن لە پرۆژەی جوتسایدی پردی گردەگۆزینە لەکەلار | 2016/10/11 |
| 6 | سەردان و بەدواداچون | بۆ شارەوانی کەلار، بەمەبەستی: چاککردنی ئاوەڕۆی شارەکە کە تێکەڵ بە ئاوی روباری سیروان بوەو زیانی گەیاندوە بە پرۆژەکانی کێڵگەکانی بەخێوکردنی ماسی، هەروەها هەڵگرتنەوەی خۆڵ و خاشاکی دەوروبەری شار، چاککردنەوەی هەردو شەقامی ناوبازاڕی کەلار، جیاوازی نەکردنی لیژنەی ئەمنی لەنێوان هاوڵاتیان دا، دڵنیابونەوەی زیاتر لە پاك و خاوێنی ناو بازاڕ و گەڕەکەکان، هاوکارییکردنی زیاتری وەرزشکاران بۆ نوێکردنەوەی یاریگای شەهید مەهدی مەنسور و راگرتن و کۆتاییهێنان بە دیاردەی داگیرکردنی زەوی نیشتەجێبون. | 2016/10/11 |
| 7 | سەردان و | ناحیەی پێباز، بەمەبەستی تاوتوێکردنی: گەیاندنی کارەبای نیشتمانی بە | 2016/10/13 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | بەدواداچون | سەنتەری رۆشنبیریی ناحیەکە، کێشەی نەبونی پاسەوان لە بینای وێستگەی باوەنور، رێگریکردن لە کارگەی چەو و لمی باوان کە مەترسی روخانی رێگەی کەلار- دەربەندیخانی دروستکردوە، قەدەغەکردنی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات لەسەر رێگەی گشتی ناحیەکە، زیاتر پاك و خاوێنراگرتنی شەقام و گەڕەکەکانی ناحیەکە. | |
| 8 | سەردان و بەدواداچون | بۆ ئاسایشی دەربەندیخان و هاتوچۆی دەربەندیخان، بەمەبەستی: هەماهەنگی زیاتری نێوانیان لەگەڵ ئاسایشی قەزاکە، هەروەها داواکردن لە هاتوچۆی قەزاکە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیل راگرتن لە شەقامە سەرەکیەکان رێگەی پێنەدرێت. | 2016/10/13 |
| 9 | سەردان و بەدواداچون | بەسەرکردنەوەی بنکەی پۆلیسی کەلاری کۆن، بۆ ئاگاداربون لە کەموکورتی و گرفتەکانیان. | 2016/10/16 |
| 10 | سەردان و بەدواداچون | بۆ بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان، بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە پرۆژەی دروستکردنی عەلوەی نوێی کەلار | 2016/10/16 |
| 11 | سەردان و بەدواداچون | بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان، بەمەبەستی بەدواداچونی کێشەی دابینکردنی کارەبای نیشتمانی بۆ سەنتەری رۆشنبیری پێباز و دابینکردنی کارەبای بەردەوام بۆ بازگەی کەلار- رزگاریی. | 2016/10/17 |
| 12 | سەردان و بەدواداچون | بۆ بنکەی پۆلیسی 104 لەکەلار، بەمەبەستی دەستخۆشی لە کار و چالاکیەکانیان و گوێگرتن لە کێشەو کەموکورتیەکانیان. | 2016/10/17 |
| 13 | سەردان و بەدواداچون | بۆ بەڕێوبەرایەتی گواستنەوەی سلێمانی، بەمەبەستی بەدواداچون بۆ کێشەی هێڵی نێوان ناحیەی خورماڵ- هەڵەبجەی تازە. | 2016/10/19 |
| 14 | نوسراو | بۆ ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا سوپاسنامە ئاراستەی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار بکات لە پای هەوڵیان لە پاراستنی سەوزایی قەزاکە لە وەرزی هاوین، هەروەها نوسراوێکی دیکەش ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان بکرێت بەمەبەستی دەستخۆشییان لە بەدواداچونی پرۆژەی دوسایدی پردی گردەگۆزینە لەکەلار. | 2016/10/19 |
| 15 | سەردان و بەدواداچون | بۆ میوە فرۆشەکانی ناحیەی رزگاری سەر بەکەلار، بە مەبەستی ئاگاداربون لە داخوازیی و کێشەکانیان لەبارەی گواستنەوەی شوێنی کارەکەیان. | 2016/10/24 |
| 16 | نوسراو | بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، بەمەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ شارەوانی ناحیەی رزگاری سەر بە کەلار بۆ باشکردنی شوێنی | 2016/10/25 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | میوەفرۆشەکانی ناحیەکەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان | |
| 17 | نوسراو | بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، بەمەبەستی ئاراستەکردنی سوپاس بۆ هێزەکانی ئاسایشی گەرمیان و سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە سنوری گەرمیان لەپای جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان سەرەڕای بونی قەیرانی دارایی | 2016/10/25 |
| 18 | سەردان و بەدواداچون | بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، بەمەبەستی گەیاندنی چەند داواکاریەکی هاوڵاتیان بەتایبەتی دیاریکردنی نرخی تاقیگەکان کە جیاوازیەکی زۆر لە نرخی تاقیەگەکاندا هەیە | 2016/10/27 |
| 19 | سەردان و بەدواداچون | بۆ قایمقامیەتی قەزای کەلار، بەمەبەستی گەیاندنی پێشنیار و تێبینی لەبارەی کارکردن و خەرجکردنی سولفەی کۆمپانیای جێبەجێکار لە پرۆژەی پردی گردەگۆزینە لە قەزای کەلار | 2016/10/30 |
| 20 | سەردان و بەدواداچون | سەردان بۆ بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەورووبەری گەرمیان، بەمەبەستی بەدواداچون بۆ کێشەی تێکەڵبونی ئاوەڕۆی کەلار بە سەرچاوەی ئاوی کێڵگەکانی بەخێوکردنی ماسی و کێشەی ئاوی خواردنەوەی ناحیەی پێباز. | 2016/10/30 |
| 21 | سەردان و بەدواداچون | بۆ بنکەی پۆلیسی شەهیدان/کەلار، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لە دیاردەی دزیکردن لە سنورەکەدا. | 2016/10/30 |
| 22 | سەردان و بەدواداچون | بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیی، بەمەبەستی خەرجکردنی سولفەی تەرخانکراو بۆ جێبەجێکردنی پردی گردەگۆزینە کە ماوەی سێ مانگە هیچ برە بودجەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە. | 2016/10/31 |


## بەشی سێیەم : ڕاپرسیی

لە هەمو ڕاپۆرتێك دا، ئەم یەکەیە هەرجارەو ڕاپرسییەك لەبارەی ئەدا و کاری دو ئەندامە گەرمیانیەکە لەلای چین و توێژە جیاوازەکان ئەنجام دەدات، بەمەبەستی بەدەستخستنی ڕای هاوڵاتیان لەبارەی ئەو نوێنەرانەوە.
لەیەکەم ڕاپۆرت دا، بەوهۆیەی یەکێك لەدیارترین کێشەو پرسەکانی نێو هاوڵاتیان بایکۆتکردنی دەوام بو لەلایەن مامۆستایانەوە، بە گونجاومان زانیی ڕاپرسیەك ئەنجام بدەین لەنێو توێژی مامۆستایانی گەرمیان و قەزای کەلار بەتایبەتی، بۆ ئەوەی ڕای ئەوان لەسەر ئامادەگیی دو نوێنەرە گەرمیانیەکەی ئەنجومەن لە نێو نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و هەروەها گرنگی بەدەمەوەهاتنیان بزانین.

لە ڕاپرسیەکەدا، ڕای (50) مامۆستای بەشدار لە خۆپیشانداندان و گردبونەوە نارازییەکانی قەزای کەلار وەرگیراوە، لە لاپەڕەکانی داهاتو دەرەنجامی ڕاپرسیەکە ڕونکراوەتەوە.


*** ڕەگەزی بەشداران**

| | |
|---|---|
| نێر | 39 |
| مێ | 11 |




*** ئاستی خوێندن**

| | |
|---|---|
| دبلۆم | 22 |
| بەکالۆریۆس | 25 |
| سەروتر | 3 |





*** تەمەن**

| | |
|---|---|
| 20 بۆ 30 ساڵ | 10 |
| 31 بۆ 40 ساڵ | 25 |
| 41 ساڵ بۆ سەرەوە | 15 |




## وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپرسی

1. تاچەند دو ئەندامە گەرمیانیەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (غالب محەمەد ) و (محەمەد شێخ وەهاب ) بەشداربون لەگەڵ مامۆستایانی گەرمیان لە خۆپیشاندان و گردبونەوەکانی ئەم دواییە ؟





2. تاچەند ڕازییت لە بەدەمەوەهاتنی ئەو دو ئەندامە گەرمیانیەی ئەنجومەنی پارێزگا لە خۆپیشاندان و گردبونەوەی ناڕەزایەتی ئەم دواییەی مامۆستایان؟*




* بەشداربویەك وەڵامی ئەم پرسیارەی نەداوەتەوە

3. تاچەند بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بە گرنگ دەزانیت؟




**بۆپەیوەندی:**

07702303676 – 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org